مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

# دور الحوكمة الرشيدة في تحقيق التنمية المستدامة: تحليل نظري من منظور علم الاجتماع

١-ربين كاكامام عمر باوزي
قسم اللغة الانجليزية، كلية التربية شقلاوة، جامعة صلاح الدين، أربيل – كردستان، العراق.
rebin.omer@su.edu.krd

٢-دانا لطيف شواني
وزارة التربية والتعليم، أربيل، كردستان، العراق.
Dana.jalal@su.edu.krd

٣- علي محيي الدين قادر
قسم التربية الدينية، كلية العلوم الإسلامية، جامعة صلاح الدين – أربيل، كردستان.
ali.sarbany@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية:** الدور ، الحوكمة، الحوكمة الرشيدة، التنمية، التنمية المستدامة

**كيفية اقتباس البحث**

باوزي , ربين كاكامام عمر , دانا لطيف شواني , علي محيي الدين قادر , دور الحوكمة الرشيدة في تحقيق التنمية المستدامة: تحليل نظري من منظور علم الاجتماع, مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، اذار ٢٠٢٦,المجلد:١٦, العدد:٣ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مفهرسة في Indexed
IASJ

مسجلة في Registered
ROAD

**"The Role of Good Governance in Achieving Sustainable Development: A Theoretical Analysis from the Perspective of Sociology"**

**1-Rebin kakamam omer bawzi**
Department of English, Shaqlawa College of Education, Salahaddin University, Erbil -Kurdistan, Iraq.
rebin.omer@su.edu.krd
**2-Dana latef shwany**
Ministry of Education, Erbil, Kurdistan, Iraq.
Dana.jalal@su.edu.krd
**3-Ali Mohiaddin Qadir**
Department of Religious Education, College of Islamic Sciences, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan.
ali.sarbany@su.edu.krd

**Keywords** : **Role, Governance, Good Governance, Development, Sustainable Development,**

**How To Cite This Article**
Bawzi , Rebin kakamam omer , Dana latef shwany- , Ali Mohiaddin Qadir , "The Role of Good Governance in Achieving Sustainable Development: A Theoretical Analysis from the Perspective of Sociology" ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract
In the contemporary era, governance of society and state administration encompassed several fundamental issues that require researchers and academic institutions to investigate and address. To this end, this study examines the role of good governance in achieving sustainable development, highlighting the interdependence between effective management, institutional integrity, and long-term well-being. Furthermore, it discusses the principles of establishing good governance, such as transparency, accountability, participation, and rule

of law, while simultaneously addressing the contribution of these principles as a solid foundation for sustained progress across economic, social, and environmental dimensions.

Theoretically, the study defines the concepts of sustainable development (conceptual evolution) and good governance. Moreover, drawing upon the framework proposed by Madou (2005), the research identifies eight fundamental characteristics of good governance and their contribution to sustainable development, namely: transparency, responsiveness, consensus-building, accountability, equity and inclusiveness, among others. Conversely, this study explores how poor governance can hinder development through instability, inequality, unemployment, corruption, and environmental degradation.

In conclusion, employing a descriptive-analytical method, the study explicates the bidirectional relationship between governance and sustainability, demonstrating that good governance facilitates sustainable development, while sustainable development, in turn, strengthens the foundations of good governance.

الملخص

في العصر الحديث، تنطوي حوكمة المجتمع وإدارة الدولة على العديد من القضايا الجوهرية التي يتعين على الباحثين والمؤسسات الأكاديمية دراستها والتعامل معها. ولتحقيق هذه الغاية، تتناول هذه الورقة البحثية دور الحوكمة الرشيدة في تحقيق التنمية المستدامة، مُسلِّطةً الضوء على الترابط بين الإدارة الفعالة والنزاهة المؤسسية والازدهار طويل الأمد. كما تناقش مبادئ إرساء الحوكمة الرشيدة، كالشفافية والمساءلة والمشاركة وسيادة القانون، مع دمج هذه المبادئ كأساس متين للتقدم المستدام في الأبعاد الاقتصادية والاجتماعية والبيئية.

على الصعيد النظري، تُعرِّف الورقة مفهومي التنمية المستدامة (تطور المفهوم) والحوكمة الرشيدة. علاوةً على ذلك، واستنادًا إلى الإطار الذي اقترحه مادو (٢٠٠٥)، تُحدد الدراسة ثماني خصائص أساسية للحوكمة الرشيدة ومساهمتها في التنمية المستدامة، مثل: الوضوح، والاستجابة، وبناء التوافق، والمساءلة، والإنصاف، والشمول، وغيرها. من ناحية أخرى، تبحث هذه الورقة البحثية في كيفية مساهمة الحوكمة الضعيفة في إعاقة التنمية من خلال التسبب في عدم الاستقرار، وعدم المساواة، والبطالة، والفساد، والتدهور البيئي. وفي الختام، وباستخدام المنهج الوصفي التحليلي، تفسر الدراسة العلاقة المتبادلة بين الحوكمة والاستدامة وتظهر أن الحوكمة الرشيدة تسهل التنمية المستدامة، وأن التنمية المستدامة تعزز أسس الحوكمة الرشيدة.

# "ڕۆڵی حکومڕانیی باش لە گەشەپێدانی بەردەوام: شیکردنەوەیەکی تیۆرییە لە دیدی کۆمەڵناسی "

١-ڕێبین کاکەمم باوزی
بەشی زمانی ئینگلیزی، کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، کوردستان، عێراق.
Email: rebin.omer@su.edu.krd
٢-دانا لەتیف شوانی
وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، کوردستان، عێراق.
Email: Dana.jalal@su.edu.krd
٣-علی محی الدین قادر
بەشی پەروەردەی ئایینی، کۆلێژی زانستەئیسلامییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر، کوردستان.
ali.sarbany@su.edu.krd :Email

**پوختە**

لە سەردەمی هاوچەرخدا، حکومڕانیی کردنی کۆمەڵگە و بەڕێوەبردنی وڵات چەندین بابەتی ڕیشەی لە خۆدەگرێت کە پێویستە توێژەران و ناوەندە ئەکادیمییەکان توێژینەوەی لەسەر بکەن و وەڵامدەرەوەی ئەو بابەتانە بن. لە پێناو ئەم ئامانجەدا، ئەم توێژینەوەیە ڕۆڵی حوکمڕانی باش لە بەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام دەکۆڵێتەوە، تیشک دەخاتە سەر وابەستەیی نێوان بەڕێوەبردنی کاریگەر، یەکپارچەیی دامەزراوەیی و خۆشگوزەرانی درێژخایەن. هەروەها، گفتوگۆ لەسەر بنەماکانی دامەزراندنی حکومڕانی باش دەکات وەک شەفافیەت، لێپرسینەوە، بەشداریکردن و سەروەری یاسا، لەهەمانکاتدا، بەشداری کردنی ئەم بنەمایانە وەک بناغەیەکی پتەو بۆ پێشکەوتنی بەردەوام لە سەرانسەری ڕەهەندە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکاندا.

لە لایەنی تیۆرییەوە، چەمکەکانی گەشەپێدانی بەردەوام (پەرەسەندنی چەمک) و حکومڕانی باش پێناسە دەکات. زیاتر لەوەش، بە پشتبەستن بەو چوارچێوەیەی کە لەلایەن مادو (٢٠٠٥)ەوە پێشنیار کراوە، توێژینەوەکە هەشت تایبەتمەندی بنچینەیی حوکمڕانی باش دەستنیشان دەکات و بەشداری کردنیان لە گەشەپێدانی بەردەوام دا وەک: ڕوونی، وەڵامدانەوە، بنیاتنانی کۆدەنگی، لێپرسینەوە، یەکسانی و گشتگیری...هتد. لە لایەکی دیکەوە، ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوە دەکات کە چۆن حوکمڕانی خراپ دەتوانێت ڕێگری لە گەشەپێدان بکات بە هۆی ناسەقامگیری، نایەکسانی، بێکاری، گەندەڵی و تێکچوونی ژینگەوە.

لە دەرەنجامدا، بە بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی-شیکاری، توێژینەوەکە پەیوەندی دوولایەنەی نێوان حوکمڕانی و بەردەوامی شرۆڤە دەکات و ئەوە دەردەخات کە حوکمڕانی باش ئاسانکاری بۆ گەشەپێدانی بەردەوام دەکات، و گەشەپێدانی بەردەوامیش بنەماکانی حوکمڕانی باش بەهێزتر دەکات.

**پێشەکی:**

پاش دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و دەوڵەتی خۆشگوزەران، بەشێوەیەکی گشتی ئەرکەکانی حکومەت لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هاووڵاتیان فراوانتر بووە، لە هەمانکاتدا ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی هاووڵاتیان لە دەستنیشانکردن و بەردەوامیدان بە حکومەتەکان لە هەڵکشاندایە. لێرەدا، پردی پێکەوەبەستنی نێوان ئەرکەکانی حکومەت و مافی هاوڵاتیان خۆی لە گەشەپێدانی بەردەوامدا دەبینێتەوە. ئەم ئەرکە، وەک سەکۆیەک بۆ ژیان، گەشەکردن و پێشکەوتنی مرۆڤ لە بوارە جیاجیاکاندا، بابەتێکی بنەڕەتییە. بەهۆی ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزانەی نێوان بونیادەکانی کۆمەڵگە کە کاریگەرییان لەسەر ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام هەیە، گەشەپێدانی بەردەوام لەلایەن حکومەتەکانەوە وەک ڕێگەیەک بۆ دابینکردنی ئاسایش بۆ ئێستا و داهاتوو بایەخی پێ دەدرێت. گەشەپێدانی بەردەوام نیشاندەری وەک سەقامگیری درێژخایەنی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ژینگەیی، دادپەروەری و بەشداریکردن لەخۆدەگرێت، هەروەها جەخت لەسەر تێڕوانینی گشتگیر لە بڕیار و کردارەکاندا دەکاتەوە. لەلایەکی دیکەوە، ڕازیبوونی هاووڵاتیان بە پێوەرەکانی وەک مافی سەرنجدان و وەڵامدانەوە، سەقامگیری سیاسی، یەکسانی، کارایی، سەروەری یاسا، بەشداریکردن، شەفافیەت، متمانەی حکومەت و کۆمەڵگە دەپێورێت. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لە ڕێگەی بەکارهێانی میتۆدی وەسفیی-شیکاری و بە شێوەیەکی بەڵگەنامەیی توێژینەوە لە ڕۆڵی حوکمڕانی باش لە گەشەپێدانی بەردەوامدا بکات. بەپێی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، گەشەپێدانی بەردەوام و حوکمڕانی باش کاریگەری دوولایەنەیان لەسەر یەکتر هەیە و پێشخستنی گەشەپێدانی بەردەوام دەبێتە هۆی بەرەوپێشبردنی حوکمڕانی بۆ حوکمڕانییەکی باش، لەلایەکی دیکەشەوە پێشخستنی حوکمڕانی باش دەبێتە هۆی بەهێزکردن و پێشخستنی گەشەپێدانی بەردەوام.

وێرای ئەوەش، یەکێک لە گرنگترین ئەو ئاڵنگاری و نیگەرانییانەی کە پسپۆڕانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و نوخبە و سیاسەتمەدارانی حکومی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا ڕووبەڕووی دەبنەوە، بریتییە لە پرسی حکومڕانی باش و پەیوەندی بە گەشەپێدانی بەردەوام. لە لایەکی ترەوە، زۆرێک لە ڕەوتەکانی گەشەپێدانی ئێستا لە دونیای سەرمایەداری دەبنە مایەی سەرئێشە و کێشە بۆ هاوڵاتیان و لە هەمان کاتدا، هەندێکات زیان بە ژینگەش دەگەیەنن. لەبەرئەم هۆکارانە، ئایا چۆن دەتوانرێ وا بکەین گەشەپێدان لە سەدەی داهاتوودا کاریگەر بێت و خزمەت بە ڕێژەیك لە دانیشتووان بکات کە بەلایەنی کەمەوە دوو ئەوەندەی ژمارەی دانیشتوانی ئێستایە؟ تێگەیشتن لەم کێشەیە دیدگای ئێمەی بۆ گەشەپێدانی بەردەوام فراوانتر کردووە و چیتر تەنها لە چەمکە سنووردارەکەیەوە سەیر ناکرێت، واتە بایەخدان بە گەشەی ئابووری لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا. بۆیە ڕەوتێکی نوێی گەشەپێدان پێویستە، واتە جۆرێک لە گەشەکردن کە پەرەسەندن و پێشکەوتنی تاکەکان نەک تەنها لە چەند شوێنێک و بۆ چەند ساڵێکی کەم،

بەڵکو لە تەواوی هەسارەکەدا و بۆ ئایندەی دوور بەردەوام بێت. گەشەپێدانی ئابووری جگە لە پەرەپێدان، ڕەهەندە ئابوورییەکانیش دەگرێتەوە، بەڵام ڕەهەندە چۆنایەتییەکانی دیکەش وەک گۆڕانکاری لە بنەما ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، زانستی و کولتووریی و گەشەپێدانی ئابوورییدا، باشتربوونی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان، چ لە ڕووی چەندایەتی و چ لە ڕووی چۆنایەتییەوە، باشتربوونی شێوازی بەرهەمهێنان، گۆڕانی بەهاکان و گۆڕینی دیدگاکان دەبینرێت، بەڵام ئەمە هەر تەنیا لە گەشەی ئابووریدا نییە. لە لایەکی ترەوە، هەروەها ئەو توێژینەوانەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا ئەنجام دراون ئەوە دەخەنەڕوو کە یەکێک لەو هۆکارانەی کە دەتوانێت پرۆسەی گەشەپێدانی وڵاتان و گەیشتن بە گەشەسەندنی بەردەوام ئاسان بکات، پرسی حوکمڕانیی باشە. لە نێو ڕەوتە جیاوازەکاندا ڕەوتی حوکمڕانی باش وەک یەکێک لە ڕەوتە نوێیەکانی گەشەپێدان زۆر پربایەخە، چونکە دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکانی وەک سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی بوونی ئەم ڕەوتە زۆر بە پێویست و گرنگ دەزانن بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگا تازە گەشەسەندووەکان. بۆیە حوکمڕانی باش تەنها گێڕانەوەیەکی نوێی چەمکەکانی وەک دیموکراسی و مافی مرۆڤ و لێپرسینەوە و بەشداریکردن و سەروەری یاسا نییە، بەڵکو لە هە مان کاتدا، چوارچێوەیەک دروست دەکات کە هەموو ئەو ئامانج و بەهایانە بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، و ئامانجەکانی گەشەپێدانی مرۆیی، لەوانەش ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری پەیڕەو بکرێن لەگەڵ خەڵک وەک ناوەند، وێرای ئەوەش، لە خزمەتگوزارییە حکومییە مۆدێرنەکاندا، لەبری ئەوەی حکومەتەکان تەنها ڕۆڵی ڕێنماییکاریان هەبێت و وەک هێزی بازاڕ مامەڵە بکەن، بەهێزکردنی هاوڵاتیان و دروستکردنی بەها هاوبەشەکان لە نێوانیاندا و دروستکردنی هاوپەیمانی ڕێکخراوەکان و حکومەت و دامەزراوە تایبەت و مەدەنییەکان لەبەرچاو دەگیرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەنجامەکانی وەک لێپرسینەوە، شەفافیەت، سەروەری یاسا، بەشداریکردن، بەرپرسیارێتی، کارایی، کاریگەری، دادپەروەری، و لە گرتنەبەری سیاسەتی پێشبینیکراو و کراوە و ئاشکرای حکومەت، لێپرسینەوەی شەفاف لە دەستە جێبەجێکارەکان، بەشداری چالاکانەی خەڵک لە کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسیی جۆراوجۆردا، هەروەها یەکسانی هەموو مرۆڤەکان لەبەردەم یاسادا دێتەبوون. حوکمڕانی باش و گەشەپێدانی بەردەوام دوو لایەنی سەرەکی هاوبەشن: سەرەتا، هەردووکیان ئامانجیان فراوانکردنی بەشداری گشتییە و هەردوو چەمکەکە ژینگەیەک دروست دەکەن کە حکومەتەکان، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، کەرتی تایبەت و تاکەکان بتوانن چالاکانە بەشداری لە پلاندانان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا بکەن. گەشەپێدان و حوکمڕانی پێویستی بە جەختکردنەوە لەسەر ڕەوتێکی ڕوون و لەبار هەیە لە بڕیاردان. لەم توێژینەوەیە بە ڕوونی پەیوەندییە دوو لایەنەکانی ئەو دوو چەمکەمان دەستنیشان کردووە و لە هەمان کاتدا، پێنوێن و نیشاندەرە سەرەکییەکانی هەریەکەمان خستونەتە ڕوو، پاشان بە گەڕانەوە بۆ پاشخانە تیۆرییەکانی کۆمەڵناسیی پەرەپێدان کاریگەرییەکانی هەر یەك لەو چەمکانەمان لەسەر یەکتر شی کردۆتەوە.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

بێگومان یەکێک لە ڕێگاکانی گەیشتن بە گەشەپێدانی بەردەوام، بریتییە لە جێبەجێکردن و گرتنەبەری بنەما و میکانیزمەکانی حوکمڕانی باشە (Good Governance). چەمکی حوکمڕانی باش، گرنگی و جێگەیەکی تایبەتی هەیە بەتایبەت لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو بەتایبەت لە ڕووی بنیاکردن و بەدامەزراوەییکردنی کۆمەڵگەی مەدەنییدا. گەشەپێدانی بەردەوام، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانەوە لە کۆمەڵگەدا هەیە. بەو پێیەی ئەم گرووپانە بەرژەوەندی جیاواز و هەندێکجار دژ بەیەکیان هەیە، بۆیە بەدیهێنانی حوکمڕانی باش هۆکارە بۆ ئەوەی گەیشتن بە گەشەپێدانی بەردەوام ئاسانتر و وردتر بێت. کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی ئایا حکومڕانییەکی باش دەتوانێت ببێتە مایەی سەرهەڵدانی گەشەپێدانی بەردەوام؟ پاشان ئایا بەربەستەکانی بەردەم سەرهەڵدانی حوکمڕانی باش چیین؟ ئاخۆ پەیوەندییەکی دوولایەنە لە نێوان حوکمڕانی باش و گەشەپێدانی بەردەوام هەیە؟

ئاشکرایە هەموو توێژینەوەیەك بە پێی ئەو پانتایە کۆمەڵایەتییەی کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دەدرێ گرنگییەکەی دەگۆڕدرێ. ئەم توێژینەوەیە لە خۆگری زیاد لە گرنگییەکە، چونکە لە لایەك ئەم توێژینەوەیە دەچێتە چوارچێوەی بواری کۆمەڵناسیی پەرەپێدان و کۆمەڵناسی سیاسییەوە و مشتێ لە خەرمانی مەعریفی ئەو دوو بوارەی کۆمەڵناسی زیاد دەکات و لە لایەکی دیکە توێژینەوە لەم بواری بنەما و ڕەهەندەکانی حکومڕانی باش و گەشەپێدانی بەردەوام کراوەیە و ئەمەش لە خۆیدا دەبێتە تەواوکەر و یارمەتیدەری لایەنە تیۆرییەکەی ئەم توێژینەوەیە و کۆمەکەری ڕاستەوخۆشی هەیە لە زانینی ئەو پەیوەندییە ئابووری و سیاسیی و کولتووری و کۆمەڵایەتیانەی کە لە نێوان حکومڕانی باش و گەشەپێدانی بەردەوام بوونی هەیە.

لەڕاستیدا لەم توێژینەوەیە کۆمەڵێ ئامانجی سەرەکییمان هەیە کە لە خوارەوە بەوردی دیارییمان کردووە:

- زانینی ئاستەکانی پەیوەندیی نێوان حکومڕانی باش و گەشەپێدانی بەردەوام.
- دیاریکردنی گرنگترین بنەماکانی حکومڕانی باش و پەیوەندییان بە گەشەپێدانی بەردەوامەوە.
- زانینی پێوەر و نیشاندەرەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و حکومڕانی باش.

لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی وەسفی شیکارییمان بەکارهێناوە، ئەوەش لە ڕووی وەسفکردنی ڕەهەند و لایەنەکانی دیاردەکە بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها پاشان بەوردی پەیوەندییە دوولایەنییەکانی نێوان گەشەپێدانی بەردەوام و حکومڕانی باشمان شی کردۆتەوە و کاریگەرییەکانی هەر یەك لەو گۆڕاوانە لەسەر یەکیتریمان خستۆتەڕوو.

**١-میتۆدۆلۆژیای توێژینەکە:**

**ڕەهەندەکانی توێژینەوە:**

**١.١-گرفتی توێژینەوە:**

گەشەپێدانی بەردەوام وەک ئامانجێکی ستراتیژی بۆ وڵاتان، پێویستی بە سیستەمێکی حوکمڕانی باش هەیە کە بنەمای متمانە، ڕووناکی، بەرپرسیارێتی و بەشداریکردنی گشتی لەخۆ بگرێت. هەرچۆنێکە، لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا، هێشتا گرفتی گەورە هەیە لە تێگەیشتن و جێبەجێکردنی حوکمڕانی باش، کە دەبێتە هۆی دواخستنی گەشەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەیی.

هەروەها توێژینەوەکە هەوڵ دەدات ڕۆڵی حوکمڕانی باش وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ بەهێزکردنی گەشەی بەردەوام دیاری بکات.

هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەی زانستی لەم شێوەیە لەرێگەی سەرنجدانی توێژەران سەرچاوەی گرتووە، بە هەستپێکردنی گرفت و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وەك **(ڕۆڵی حکومڕانیی باش لە بەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام)** ئەمەش هانی توێژەرانی داوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی تیۆری کۆمەڵناسیانە و دارشتنی چەند پرسیارێك بۆ گەیشتن بە ئامانجی تیۆری توێژینەوەکە، چونکە ئاشکرایە کە ڕۆڵی حوکمڕانی باش لە بەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام سەرچاوەو سەرخانی کۆمەڵایەتی گرنگی کۆمەڵگایە بۆ ئەوەی لەسایەیەوە خۆشگوزەرانی بێتەدی.

**گرفتی توێژینەوەکەمان بریتییە لەم پرسیارانەی خوارەوە:**

١-ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان حوکمڕانی باش و گەشەپێدانی بەردەوام؟

٢-ئایا حوکمڕانی باش بنەمای تایبەت بە خۆی هەیە؟

٣-ئایا گەشەپێدانی بەردەوام ڕەهەندی تایبەت بە خۆی هەیە؟

٤-ئایا گەشەپێدانی بەردەوام ئامانجی تایبەت بە خۆی هەیە؟

## ٢.١ گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوە تیۆرییە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆ دروست دەکات نێوان حوکمڕانی باش و جێبەجێکردنی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام، ئەم توێژینەوەیە یارمەتیدەر دەبێت بۆ قووڵکردنەوەی تێگەیشتن لەسەر بنەماکانی حوکمڕانی باش و چۆنیەتی کاریگەرییان لەسەر گەشەپێدانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەیی، و پڕکردنەوەی کەلێنی زانستی لەم بوارەدا، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەتوانن ببنە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ حکومەت و دامەزراوە فەرمییەکان بۆ دروستکردنی سیاسەت و بەرنامەکانێکی کاراتر، کە پشت بە بنەماکانی حوکمڕانی باش دەبەستن، پیشاندانی ڕێگاکانی چارەسەری ئەم دیاردانە بۆ پاراستنی سەرچاوە گشتییەکان، ئاشکراکردنی پرسیارەکانی گرفتی توێژینەوە یارمەتیدەر دەبێت بۆ دروستکردنی متمانەی گشتی و پشتیوانی بۆ گەشەپێدانی بەردەوام لە ڕێگەی حوکمڕانی باشەوە.

پەیوەندی نێوان حوکمڕانی باش و گەشەپێدانی بەردەوام بابەتێکی گرنگ و هەستیارە بۆ زۆربەی وڵاتان و تایبەت حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەم قۆناغەی ئێستادا، چونکە بەکارهێنانی سیستەمی حوکمڕانی

باش لەپێناو گەشە و پاراستنی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی دابینکردنی دادپەروەری، یەکسانی دەرفەتەکان و کەمکردنەوەی نابەرانبەری کۆمەڵایەتی، کە ئەمەش بنچینەیەکی سەرەکییە بۆ گەشەی بەردەوام و ئایندە و متمانە بۆ نەوەکانی داهاتوو دەستەبەر دەکات.

ئەم توێژینەوە رەنگە ببێتە باشخانێکی مەعریفی تیۆری بۆ توێژەرانی تر، چونکە کەمتر توێژەران خۆیان لەو بوارە داوە ئەمەش هاوکارو یارمەتیدەر دەبێت بۆ توێژینەوە زانستی لە دوارۆژدا .

**3.1 –ئامانجی توێژینەوە:**

هەر توێژینەوەیەکی زانستی ئامانجی دیاریکراوی هەیە کە توێژەران هەوڵ دەدەن لەکاتی شیکردنەوە و تاوتوێکردنی بابەتەکانی توێژینەوە ئامانجەکان بپێکێن و ئەنجامی زانستیان دەست بکەوێت. ئەم توێژینەوەیەش وەك هەر توێژینەوەیەکی تری کۆمەڵاییەتی ئامانجەکان بریتیین لە:

١–ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان حوکمڕانی باش و گەشەپێدانی بەردەوام.

٢– ئاشکراکردنی بنەما تایبەتییەکانی حوکمڕانی باش.

٣– ئاشکراکردنی رەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام.

٤– ئاشکراکردنی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام.

ئامانجەکانی توێژینەوە رۆڵی حوکمڕانی باش لە گەشەپێدانی بەردەوام لە خۆی دەگرێت کە بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی روون بکاتەوە، روونکردنەوە و شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان بنەماکانی حوکمڕانی باش بەشداریکردن، سەروەری یاسا، شەفافیەت، تەواوی بوارەکانیتر و جێبەجێکردنی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام بێنێتەدی..

**٢–چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوە (Research Concept):**

**١,٢ رۆڵ (Role):**

چەمکی رۆڵ لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەلایەن چارلز هۆرتون کولی و هێربەرت میدەوە بەوردی باسکراوە و تاکو ئێستاش بە شێوەیەکی سیستماتیک و زانستی هەر پەرەی پێدەدرێت، هەروەها بەهۆی بەکارهێنانە هەمەچەشنەکانی ئەو چەمکە لە زانستە مرۆییەکاندا لەلایەن دەروونناس و کۆمەڵناسەکانەوە برەوی زۆری هەیە (توسلی، ٢٠١٦: ٣٠٢). ئەم چەمکە، یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی قوتابخانەی کارلێکی هێماییە کە زۆرجار لە تیۆرییەکانی کەسانی وەک هێربەرت میددا بەکاردەهێنرێت. هەروەها لە بۆچوونەکانی ویلیام گراهام سامنەر، دانیال ج. ئێڤینسۆن و ئێرڤینگ گۆفمان. هەر لەبەر ئەمەش، لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسی پێناسەی هەمچەشنی لەبارەوە خراوەتە روو. دەکرێ بڵێین رۆڵ کۆمەڵێ مانای جیاواز لەخۆ دەگرێت. یەکێک لە مانا باوەکانی پەیوەستە بەو کردانەی کە هەر مرۆڤێک بە هۆی ئەو بنەمایانەی کە لە کۆمەڵگادا هەیەتی ئەنجامی دەدات. بە دیدی ڤاڵتەر کۆتو، رۆڵ نوێنەرایەتی ئەو رەفتارانە دەکات کە هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە چاوەڕوانی لێ بکات بەپێی پێگە و بنەما کۆمەڵایەتییەکەی(توسلی، ٢٠١٦: ٣٠٢). هەروەها بروس کوهێنیش پێیوایە چەمکی رۆڵ ئاماژەیە بۆ

ئەو ڕەفتارانەی کە ئەوانی دیکە چاوەڕێی دەکەن لە کەسێک کە پێگەیەکی دیاریکراوی بەدەستهێناوە. ڕۆڵی گونجاو وەک بەشێک لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیکردن فێری تاک دەکرێت و دواتر قبوڵیان دەکات(کوئن، ٢٠١٧: ٨٠).

هەر چەندە لای ڕاڵف لینتۆن، ڕۆڵ ئەو هەڵوێست و بەها و ڕەفتارانە دەگرێتەوە کە کۆمەڵگا دەیبەخشێتە ئەو کەسە یان ئەو کەسانەی کە ئەم بنکەیان داگیرکردووە(کوزر و ڕوزنبیرگ، ٢٠١٥: ٢٧١). دەکرێ بشڵێین کە چەمکی ڕۆڵ پەیوەندی بە چەمکی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، هەرچەندە پێویستە لێیشی جیا بکرێتەوە، چونکە پێگە توخمێکە لە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی، شوێنێکە لە فەزای کۆمەڵایەتیدا و پۆلێکە لە ئەندامێتی ڕێکخراوەیی. بەم شێوەیە ڕۆڵ لایەنێکی فیزیۆلۆژیای ڕێکخراوەییە و ئەرک و گونجاندن و پرۆسە لەخۆدەگرێت. ئەگەر بوترێت مرۆڤ پێگەیەکی کۆمەڵایەتی داگیر دەکات، ئەوە قسەیەکی ماناداره، بەڵام ڕاست نییە زۆرێک دەڵێن کەسێک ڕۆڵێکی داگیرکردووە(کوزر و ڕوزنبیرگ، ٢٠١٥: ٢٧٠).

وێڕای ئەوەش، بە بڕوای مید کەسایەتی کۆمەڵایەتی مرۆڤ بەهۆی ڕۆڵی کۆمەڵایەتییەوە گەشە دەکات. منداڵ وردە وردە فێری زمانەکە دەبێت و لە ڕێگەی ئەو ڕاهێنانانەی کە ئەنجامی دەدات لە «خۆبیناکردن» ڕۆڵی ئەوانی دیکە، ڕەفتارەکانی دەکاتە مانادار. هاوتەریب لەگەڵ پرۆسەیەکی لەو شێوەیە، «خودی چالاک» لە بەرژەوەندی «خودی پاسیڤ» لاواز دەبێت. هەموو جۆرە یارییەک یارمەتیدەرێکی زۆرە لە بەدەستهێنانی ئەم لێهاتووییانە. بە وتەی ئەو، ئەرکی سەرەکی یاریکردن بۆ منداڵان، ڕۆڵگێران و پەرەپێدانی کەسایەتی کۆمەڵایەتی و پراکتیکی ئازادە لە پەیوەندییە گروپییەکان(توسلی، ٢٠١٦: ٣٠١). یاخود دەتوانین ئەوەشی بۆ زیاد بکەین کە مرۆڤ لە ماوەی ژیانیدا لە قۆناغی یەک لە دوای یەک یان هاوکاتدا ڕۆڵی جۆراوجۆر دەگێڕێت و تێکەڵکردنی ئەو کۆمەڵە ڕۆڵەی کە لە لەدایکبوونەوە تا مردن بینیویەتی کەسایەتییەکەی پێکدەهێنێت(کوزر و ڕوزنبیرگ، ٢٠١٥: ٢٩٨).

بۆیە دواجار دەتوانین بڵێین چەمکی ڕۆڵ بریتییە لەو چالاکی و کردەیەی کە تاکەکانی کۆمەڵگە لە پانتاییەکی کۆمەڵایەتی لە ئەستۆیاندایە، ئەمەش لە پێناو ئەو چاوەڕوانییانەی ئەوانیترە لە تاکەکە و بەگوێرەی پێگە کۆمەڵایەتییەکانیان، ڕۆڵەکانی تاکەکانیش گۆڕانی بەسەردا دێت و هەندێ کات دەکرێ تاکێك لە یەك کاتدا چەند ڕۆڵێکی هەبێت.

**٢,٢ حوکمڕانی (Governance):**

حوکمڕانی بریتییە لە "بەکارهێنانی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی و کارگێری بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتێک لە هەموو ئاستەکاندا، واتا لەو میکانیزم و پرۆسە و دامەزراوەیانە پێکدێت کە لە ڕێگەیانەوە هاووڵاتیان و گروپەکان بەرژەوەندییەکانیان دەخەنە ڕوو، مافە یاساییەکانیان بەکاردەهێنن، ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن و نێوەندگیری جیاوازییەکانیان دەکەن (Williamson, Oliver E. 1979, 549).

**بانکی جیهانی (Global banking):**

حوکمڕانی بریتییه لەو شێوازەی کە دەسەڵات لە بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتێکدا بۆ گەشەپێدان بەکاردێت (Andrews M. 2008, 36) .

**کۆمیسیۆنی حوکمڕانی جیهانی(1995):**

حوکمڕانی بریتییە لە "کۆی ڕێگاکانی تاک و دامەزراوەکان، گشتی و تایبەت، کە کاروباری هاوبەشیان بەڕێوەدەبەن. پرۆسەیەکی بەردەوامە کە لە ڕێگەیەوە دەشێت بەرژەوەندییە دژبەیەک یان هەمەچەشنەکان لەخۆ بگرێت و هەنگاوی هاوبەشبەمەبەستی گەشەپیدان و ڕێکخستن و چارەسەرکردنیان بگیردرێتەبەر". حوکمڕانی چوارچێوەیەکی ئاڵۆزە لە کۆی پرۆسەکان، ئەرکەکان، پێکهاتەکان، ڕێساکان، یاسا و نۆرمەکان کە لە پەیوەندییەکان، کارلێکەکان، بە هۆکاری حوکمڕانییەوە داینامیکی دەسەڵات و پەیوەندییەکانی ناو گروپەکان ڕێك دەخرێن. سنووری ڕەفتار و پراکتیکی بەشێوەی بابەتی بۆ ئەکتەرە جیاوازەکان لەناو گروپەکان دادەنێت، هەروەها حومکڕانی پرۆسەکانی بڕیاردان و جێبەجێکردنی ڕێسا و ڕێنماییەکان کۆنترۆڵ دەکات، جگە لەوەش، سەرچاوە و توانا پەیوەندیدارەکانی ئەندامانی جیاواز بەڕێوەدەبات و کۆیان دەکاتەوە و ئاراستەیان دەکات بۆ ئەوەی چارەسەری گونجاو بابەتی بۆ پێداویستیی بەکۆمەڵ و کێشە و تەحەددییە تایبەتەکانی بکات

**٣,٢حوکمڕانی باش (Good Governance):**

دەتوانرێت چەمکی حوکمڕانی وەک حوکمڕانی گشتی، حوکمڕانی نیشتمانی، حوکمڕانی نێودەوڵەتی و حوکمڕانی ناوخۆیی باس بکرێت(Madhu, 2005: 1-2). بۆ ئەوەی زیاتر وردبینەوە، سەرەتا بەدوای پێناسە جیاوازەکانی حوکمڕانی باشدا دەگەڕێین.

چەمکی حوکمڕانی باش لە دوو دەیەی ڕابردوودا زیاتر بەکارهێنراون و بڵاوبوونەتەوە کە EDRC)، ٢٠٠٧) لەم دواییانەدا دەربڕینەکانی «حوکمڕانی» و «حوکمڕانی باش» زیاتر لە ئەدەبیاتی گەشەپێداندا بەکاردەهێنرێن. وەک چۆن چەمکی حوکمڕانی هێندەی شارستانیەتی سەرەتایی مرۆڤ کۆنە و یەکێک بووە لەو پایە سەرەکیانەی کە ئەم شارستانیەتانە لەسەری بنیات نراون. حوکمڕانی باش بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت: پرۆسەی بڕیاردان و ئەو پرۆسەیەی کە بڕیارەکان بەهۆیەوە جێبەجێ دەکرێن (یان جێبەجێ نەکرێن)(Madhu, 2005: 3-4). هەروەها حوکمڕانی باش لە ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی حوکمڕانی جیهانیدا بەم شێوەیە پێناسە کرا: کۆی ئەو شێوازە زۆرانەی کە تاک و دامەزراوەکان، گشتی و تایبەت، کاروباری هاوبەشیان بەڕێوەدەبەن. پرۆسەیەکی بەردەوامە کە لە ڕێگەیەوە ڕەنگە بەرژەوەندییە ناکۆکەکان یان هەمەچەشنەکان جێگیر بکرێن و ڕێوشوێنی هاوبەش بگیرێتەبەر. دامەزراوە و ڕژێمە فەرمییەکان لەخۆدەگرێت کە دەسەڵاتیان پێدراوە بۆ جێبەجێکردنی پابەندبوون، هەروەها ڕێکخستنە نافەرمییەکان کە خەڵک و دامەزراوەکان یان لەسەری ڕێککەوتوون یان وا هەست دەکەن کە لە بەرژەوەندی ئەواندایە(Madhu, 2005: 1).



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

ئەم پێناسە گشتگیرە وا دەکات کە جەختکردنەوەیەکی بەرچاو لەسەر ئەو ڕێگایانەی کە ڕێککەوتن لەسەر کراوە بۆ ئەوەی ببێتە ئامرازی پابەندبوون بە جێبەجێکردن. لەم ڕووەوە تێبینی دەکەین کە حوکمڕانی باش جیاوازە لە حکومەت بەو پێیەی بە تەواوی جیاوازن. شێوازی کارکردن و مامەڵەکردنی حکومەت، حوکمڕانییە وەک لەم پێناسەیەدا ئاماژەی پێکراوە. هەروەها جەخت لەسەر ڕێبازی هەمەچەشنی حوکمڕانی دەکاتەوە وەک ئەوەی لە ئاستی تاکەکەسی و دامەزراوەیی و گشتیدا نوێنەرایەتی دەکرد. لە ڕاپۆرتەکەی ساڵی ١٩٩٢دا بە ناونیشانی حوکمڕانی و گەشەپێدان، حوکمڕانی باش لەلایەن بانکی نێودەوڵەتییەوە بەم شێوەیە پێناسە کراوە «ئەو شێوازەی کە دەسەڵات لە بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتیکدا بۆ گەشەپێدان بەکاردێت». لێرەدا، بە ئاشکرا دەتوانین ئەو پەیوەندییەی نێوان حوکمڕانی و گەشەپێدان و پەیوەندی نێوان بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان دەستنیشان بکەین؛ یان سەرچاوە ئابوورییە یان مرۆییەکان و ڕێبازی گەشەپێدانە(IFAD, 1999: 2-3) .

فرانسیس فۆکۆیاما حوکمڕانی باش بەم شێوەیە پێناسە کردووە: توانای حکومەت بۆ دانان و جێبەجێکردنی ڕێساکان، و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان، بەبێ گوێدانە ئەوەی ئەو حکومەتە دیموکراسییە یان نا(Fukuyama, 2013: 348-349). لەم ڕوانگەیەوە چەمکی حوکمڕانی باش سەریهەڵدا و بوو بە ڕێباز بۆ گەشەپێدانی بەردەوام. حکومەتی دیموکراسی تاکە دڵنیاییە بۆ بنەماکانی حوکمڕانی باش. سێ پایەی سەرەکی حوکمڕانی باش لەلایەن بانکی نێودەوڵەتییەوە باسکران: سیستەمی سیاسی، ئەو سیاسەتەی کە وڵات هەڵیدەگرێت بۆ بەڕێوەبردن و دەستکاریکردنی ئابوورییەکەی، هەروەها توانای حکومەت بۆ داڕشتن و جێبەجێکردنی بەرنامە و پلانەکان .(IFAD, 1999: 2)لەم ڕووەوە سیستمی سیاسی بە یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی حوکمڕانی باش دادەنرێت وەک دواتر دەبینین کاتێک ڕۆشنایی دەخەینە سەر گۆڕاوەکانی حوکمڕانی باش.

بۆیە دەتوانین بڵێین حکومڕانی باش بریتییە لە پرۆسەیەک بۆ گەشەپێدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی کارلێک و هەماهەنگی و هاوکاری نێوان دوو دامەزراوەی حکومی و کۆمەڵگەی مەدەنی. هاوکاری و هەماهەنگی ئەم دوو دامەزراوەیە دەتوانێت ببێتە هۆی گەشەکردنی بەشداری سیاسیی ئەرێنی بۆ بەهێزکردنی سیستەمی سیاسی و کەمکردنەوەی گەندەڵی و کۆنترۆڵکردنی و دروستکردنی سەقامگیری سیاسی لە سیستەمی سیاسییدا.

**٤,٢ گەشەپێدان (Development):**

پرۆسەیەکە ئامانجی بەرجەستەکردن و هێنانە کایەی زێدەباییەکی خێراو کەڵەکەبوو لە ماوەو کاتێکی دیاریکراو و کورتدا، ئامانجی گۆڕانی جۆرییە سەرەڕایی گۆڕانە ڕێژەییەکان، ئەمەش لە ڕێگەی هەوڵی ڕێکخراو و ڕێك و پێکەوە، بۆیە هەوڵی کۆششی زانستییە بۆ ڕێکخستنی چالاکییە هاوبەشەکانی حکومی و میلی لە بوار و ئاستە جیاوازەکاندا بۆ پڕکردنەوەی ئەو دەرامەتانەی کە دەکرێت چەکی دەستمان بن بۆ

پڕ کردنەوەی پێویستییە بنەڕەتییەکان و لەگەڵ ئەوەشدا گونجاو بێت بە پێی پلانی داڕێژراو و سیاسەتی حکومەت (حسن، ١٩٧٧: ٨٩-٩٢).

گەشەپێدان پرۆسەیەکی تەواو تەواو گشتگیرە، کە سیاسەتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە پێی هەڵدەستی بۆ خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا لە سەرجەم کایەکانەوە. (القرنشاوی، ١٩٧٨، ١٢).

زۆربەی جار گەشەپێدان لە کۆمەڵگەدا لە ڕێگەی کۆمەڵێ گۆڕانی ڕیشەییەوە دەکرێت، بۆ ئەوەی توانایی پەرەپێدانی خودی بداتە کۆمەڵگە و بەشێوەیەك چاکسازی زیادەی ڕێژەیی لە ژیانی هەر تاکێکدا بەدی بهێنێ، واتا توانای کۆمەڵگە بۆ وەڵامدانەوەی پێویستیە بنەڕەتییەکان زیاتر و بەهێزتر بکات (محمد، ١٩٨٤، ١٦).

**٥,٢ گەشەپێدانی بەردەوام (Sustainable Development):**

زاراوەی گەشەپێدانی بەردەوام بۆ یەکەمجار لەلایەن باربارا وارد (B.Ward) لە ڕاگەیاندنی کۆکۆیۆک سەبارەت بە ژینگە و گەشەپێدان بەکارهێنرا. دوابەدوای ڕاپۆرتەکانی یانەی ڕۆما و دامەزراوەی هامارسکۆڵد، وردە وردە گەشەپێدانی بەردەوام لە ماوەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو و لە دوای یەکێتی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی ژینگە و سەرچاوە سروشتییەکان(IUCN-82) ، چەند ستراتیژییەکی پێشکەش کرد بە ئامانجی گشتی بەدەستهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام لە ڕێگەی پاراستنی سەرچاوە گرنگەکان. گەشەپێدانی بەردەوام چەمکێکە کە بەهۆی دەرئەنجامە ژینگەیی و کۆمەڵایەتیە نەرێنییەکانی ئاراستەکانی گەشەپێدانی تاکلایەنەی ئابووری لە دوای شۆڕشی پیشەسازی و گۆڕینی هەڵوێستی مرۆڤ بەرامبەر بە چەمکی گەشە و گەشەسەندن سەریهەڵدا.

لای کۆمەڵناس و پسپۆڕانی بواری گەشەپێدان چەندان پێناسەی جیاواز، بەڵام ورد لەبارەی گەشەپێدانی بەردەوام خراوەتەڕوو، بۆیە دەکرێ بڵێین کە گەشەپێدانی بەردەوام پرۆسەیەکە کە پێشبینی داهاتوویەکی خوازراو بۆ کۆمەڵگا مرۆییەکان دەکات کە تێیدا بارودۆخی ژیان و بەکارهێنانی سەرچاوەکان و پێداویستییەکانی مرۆڤ دابین بکات بەبێ ئەوەی زیان بە یەکپارچەیی و ڕێکی و سەقامگیری سیستەمی ژیانی بگەیەنێت. گەشەپێدانی بەردەوام پرۆسەیەکە بۆ گەیشتن بە سەقامگیری لە هەر چالاکیەکدا کە پێویستی بە سەرچاوە و جێگرەوەی خێرا و یەکگرتووی هەیە. گەشەسەندنی بەردەوام، لەگەڵ گەشەی ئابووری و گەشەسەندنی مرۆیی لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو یان ئابوورییەکی پەرەسەندوودا، هەوڵدەدات تاوتوێی لە گەشەسەندنی بەردەوام بکات، لە دەرەوەی گەشەسەندنی ئابووری( *Soubbotina, 2004: 8-9*). لە ساڵی ١٩٩٢ لە کۆنفرانسی زەوی (UNCED, 1992)دا، گەشەسەندنی بەردەوام پێناسە کرا وەك پرۆسەکردنی پێداویستییەکانی نەوەی ئێستا بەبێ سازشکردن لەگەڵ نەوەکانی داهاتوو بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانیان. هەروەها کۆمیسیۆنی جیهانی ژینگە گەشەپێدانی بەردەوام بەم شێوەیە پێناسە دەکات کە گەشەپێدانی بەردەوام بریتییە لە پرۆسەی گۆڕینی بەکارهێنانی سەرچاوەکان، ئاراستەکردنی وەبەرهێنانەکان، ئاراستەکردنی گەشەپێدانی تەکنەلۆژی، گۆڕینی دامەزراوەکان کە لەگەڵ

پێداویستییەکانی ئێستا و داهاتوودا بگونجێت. وێڕای ئەوەش، کۆمیسیۆنی بروندلاند سەبارەت بە گەشەپێدانی بەردەوام پێیوایە کە گەشەپێدانی بەردەوام وەک پرۆسەیەک پێویستە بۆ باشترکردن و پێشخستنی دۆخەکە و نەهێشتنی کەموکوڕییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان و پێویستە بزوێنەری گەشەپێدانی هاوسەنگ و ڕێژەیی و هاوسەنگی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریی هەموو کۆمەڵگاکان بێت بەتایبەت وڵاتانی تازەپێگەیشتوو(WCED, 1987: 63).

بۆیە دواجار دەکرێ بڵێین کە گەشەپێدانی بەردەوام بریتییە لەو جۆرە گەشەپێدانەی کە بتوانێت پێداویستییەکانی ئێستای ڕێکخراوەکە دابین بکات بەبێ ئەوەی سازش لەسەر توانای نەوەکانی داهاتوو بکات بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان. لەم پێناسەیەدا مافی هەر نەوەیەک بۆ بەهرەمەندبوون لە هەمان بڕی سەرمایەی سروشتی کە لەبەردەستی نەوەکانی دیکەدا بوو، دانپێدانراوە و بەکارهێنانی سەرمایەی سروشتی تا ڕادەی بەرژەوەندی خۆی ڕێگەپێدراوە.

**٣. پەیوەندی نێوان حکومڕانی باش و گەشەپێدانی بەردەوام:**

**١,٣ ڕەهەندەکانی حکومڕانیی باش:**

لەدوای جەنگی جیهانی دووەم، وڵاتانی ڕۆژئاوا هەوڵیاندا زیانەکان کەم بکەنەوە و پەرە بەو وڵاتانە بدەن کە بەهۆی شەڕەوە زیانیان بەرکەوتووە. لەم چوارچێوەیەدا سێ ڕەوت پێشنیاز کران: ڕەوتی دەوڵەتی گەورە، ڕەوتی دەوڵەتی بچووک و مۆدێلی حوکمڕانی باش. بۆ ئەوەی حوکمڕانی باش پراکتیزە بکرێت، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان چەند پێوەرەکیان پێشنیاز کرد. هەر وڵاتێک زیاتر پەیڕەوی لەم پێوەرانە بکات، زیاتر پێشکەوتوو دەبێت. حوکمڕانی باش نەخشەڕێگایەکە کە وڵاتانی باڵادەستی جیهان و وڵاتانی ڕۆژئاوا پێش وڵاتانی جیهانی سێیەم کێشراون و جوڵەکردن لەسەر ئەم نەخشەیە بەرژەوەندی وڵاتانی باڵادەست مسۆگەر دەکات (جهانگیری و محمدی، ٢٠٢١: ١٢٤)، لەسەر ئەمە بنەمایە، حوکمڕانی باش و نیشاندەرەکانی کە لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە ڕوون کراونەتەوە، ناتوانن مۆدێل و بەرنامەیەکی نایاب بن بۆ پێشکەوتن و گەشەپێدانی کۆمەڵگای مرۆیی، بە تایبەت وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، چونکە یەکەم: حوکمڕانی باش و نیشاندەرەکانی لەسەر بنەمای جیهانبینی ماددیی دامەزراون و دووەم: حوکمڕانی باش و نیشاندەرەکانی لە ناوچە مێژووییە جیاوازەکاندا، هۆکاری قەیرانی جۆراوجۆری سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئابووری و سەربازی بووە لە ڕۆژئاوای دەوروبەری. هەر لە سەرەتاوە، حوکمڕانی باش ڕەوتێکی ئابووری هەبوو؛ واتە ئامانجی پێکهێنانی گەشەسەندنی ئابووری بوو (نبوی، ٢٠٠٩: ٨٩)، پاشان بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە حکومەت وەک یەکێک لە توخمەکانی حوکمڕانی باش، دەبێت لە نێو توخمەکانیدا بەهێز و کوالیتی بەرز دەربکەوێت، ئاراستەیەکی سیاسیشی هەبوو. وەك وتمان، لە بواری گەشەپێدانی ئابوریدا سێ ڕوانگە هەیە ئەوانیش لە خوارەوە بە وردی لەسەر هەر یەکەیان دەدوێین:

یەکەم: ڕوانگەی دەوڵەتی گەورە: دوای جەنگی جیهانی دووەم و هەروەها دوای قەیرانی گەورەی ئابووریی ساڵانی ١٩٢٩، زۆربەی تیۆریستەکان و دارێژەرانی سیاسەت پێیانوابوو تاکە فاکتەرێ کە دەتوانێت بەسەر وێرانکارییەکانی شەڕ و پاشەکشەی ئابووریدا زاڵ بێت ئەوە دەوڵەتە کە دەیەوێ ببێتە مایەی سەرهەڵدانی گەشەسەندنی ئابووری. بۆیە وەک چۆن دەوڵەت لە ڕەهەندی سیاسیدا بەهێز دەبێت، پێویستە لە ڕەهەندی ئابووریشدا بەهێزتر و فراوانتر بکرێت (Giddens, 1985 :70) و تا کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو پێویستە لەبیرمان بێت کە ئەم ڕەوتە لەسەر بنەمای ڕێنمایی ئابووریناس و راوێژکارانی کینزی لە ڕۆژئاوا جێبەجێ کرا (گالبرایت، ٢٠١١: ١١٢).

دووەم: ڕوانگەی دەوڵەتی بچووک: بە تێپەڕبوونی نزیکەی سێ دەیە لە تیۆرەکەی پێشوو، لاوازی و ناکارامەییەکەی لە کایەی ئابووریدا دەرکەوت و جێگەی خۆی بە چەمکێکی دیکەی جیاواز داوە. بە واتایەکی تر، چەمکی دەوڵەتی خۆشگوزەران کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی گشتی دەوڵەت (دەوڵەتی گەورە) لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکان و پلاندانانادا نیشان دەدات و جێگەی ڕۆڵی سەرەتایی گروپ و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و تایبەتەکانی گرتۆتەوە، هێدی هێدی خەریکە نامێنێت و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، دەتوانرێت ببینرێت کە جێگەی خۆی بە چەمکێکی جیاواز داوە، لەوانەش ناکارایی و لاوازییەکان، دەکرێت ئاماژە بە چڕبوونەوەی هێزی کار لە کارگە دەوڵەتییەکان بکرێت و کەمبوونەوەی قازانجی ئەم کارگانە بکرێت(شفیعی و دیگران، ٢٠١٦: ١٤٨).

سێیەم: مۆدێلێکی حوکمڕانی باش: لە کۆتایی نەوەدەکاندا ڕەوتی سێیەم دەرکەوت و ناوی لێنرا ڕەوتی حوکمڕانی باش. ئەم ڕەوتە دوو ڕەوتی پێشووی تێپەڕاند. لایەنگیرانی ئەم ڕەوتە، پێیانوابوو دوو ڕەوتی پێشوو کێشەیان هەیە، بۆ نموونە ڕەوتی یەکەم پشتی بە چڕبوونەوەی هێزی کار لە دەوڵەت و دابەزینی کاراییدا بەستبوو. هەروەها بوونی هەڵاوسان و بێکاری لە یەک کاتدا لە ئابووریدا بە گشتی و لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی یەکێک بوو لە دەرئەنجامەکانی جێبەجێکردنی. ئەم کێشانە بنەمای پێکهێنانی ڕەوتی دووەمیان دەستەبەر کرد، واتە هەبوونی ئابووری بازاڕ و ڕەوتی دەوڵەتی بچووک. تایبەتمەندییە سەرەکییەکان گەشەپێدانی بەردەوام لە پەیوەست بە حکومڕانیی باش بریتین لەم حەوت تایبەتمەندییە:

١. هەبوونی سیاسەتی بەشدارییکردنی هاوبەش
٢. کەمکردنەوەی هەژاری و سەقامگیری ئابووری
٣. جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی پاڵپشتیکردنی هەژاران
٤. دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە.
٥. دڵنیابوون لە سەلامەتی و تەندروستی کەسی
٦. بەڕێوەبردن و وەڵامدانەوەی ستراتیژییەکانی ئاسایشی نیشتمانی
٧. پەرەپێدانی حکومەتێکی بەرپرسیار (نای، ٢٠١٧: ٦٢).

**٢,٣ بنەماکانی حوکمڕانی باش:**

حوكمڕانی باش پرۆسەیەکی ئاڵۆزە لە نێوان هەموو چین و توێژەکانی هاووڵاتیان و گروپەکاندا کە دەبێت جیاوازییەکانیان بگرنەبەر و نێوەندگیری بکەن و بەپێی ڕێسا و پابەندییە یاساییەکان مامەڵە بکەن. ئاڵۆزە بەو پێیەی سێ ڕەهەندی سیاسی، ئابووری و ئیداری لەخۆدەگرێت. باشترین دەرئەنجامی کەمترین زانیارییە؛ ئەمە سیحری ئیدارەیە بۆ ئەوەی لە سەرچاوە بەردەستەکان لە هەندێک بارودۆخدا باشترین ئەنجام بەدەست بهێنێت. ئەم پرۆسەیە پێویستی بە هەندێک تایبەتمەندی هەیە: پێویستی بە پێشخستنی سەروەری یاسا هەیە و ئەمەش بەشێکە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە دڵنیایی دەدات لە جێبەجێکردنی یاساکان بەبێ گوێدانە هەر کاریگەرییەک، لەم ڕووەوە دەگەڕێینەوە بۆ خاڵی دیموکراسی و حوکمڕانی باش و سەرهەڵداوەکان پێویستی پێی؛ لە کاتێکدا لە دیکتاتۆرییەکاندا ناتوانین دڵنیایی بدەین لە سەروەری یاسا (UNDP, 1997: 3-4).

بەشداریکردن، شەفافیەت و لێپرسینەوە وەک تایبەتمەندییەکانی حوکمڕانی باش دادەنرێت. دەوڵەت بە تەنیا ناتوانێت دڵنیای بدات لە جێبەجێکردنی کاریگەرانەی هەموو ئەم مەرجانە. لەم ڕووەوە کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی تایبەت ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە بۆ پشتیوانیکردن لە حکومەتدا. پێشخستنی ئەم جۆرە پەیوەندییە بەشدارییە لە نێوان سێ یاریزانە سەرەکییەکەی حوکمڕانی باش (حکومەت، کەرتی تایبەت و کۆمەڵگەی مەدەنی) پێویستە بۆ حوکمڕانی باش. هەر هاوبەشێک خاڵی بەهێز و لاوازی هەیە و ڕێبازی بەشداریکردن یارمەتیدەرە بۆ دەستکاریکردن و ڕێکخستنی هەموو ئەم خاڵە بەهێزانە بۆ بنیاتنانی هاوکارییەکی لەو شێوەیە لە نێوان سێ ڕەهەندی سەرەکی حوکمڕانی باش، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی(UNDP, 1997: 5). جەختکردنەوە لەسەر حوکمڕانی باش وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی گەشەسەندنی بەردەوام لەناو ئەم پێناسە گشتگیرەی حوکمڕانی باشدا ڕوونە. حوکمڕانی باش هەشت تایبەتمەندی سەرەکی هەیە بەپێی (Madhu, 2005: 4). ئەم هەشت تایبەتمەندییە لە خوارەوە بە وردی ڕوون دەکرێنەوە:

١. **بەشداریکردن (Participation)**: یەکێک لە گۆڕاوەکانی سەرەکی لە حوکمڕانی باشدا ئاستی بەشداریی خەڵکە لە کۆمەڵگەدا. بڕی بەشداریکردن بە دوو شێوە دابەش دەکرێت، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ (لە ڕێگەی دامەزراوە یاساییەکانەوە). ناکرێ هەموو ئەو بۆچوونانە لەبەرچاو بگیرێن کە لە سیستەمی بڕیاردانی وڵاتێکدا خراوەتەڕوو؛ بۆیە چەمکی بەشداریکردن ئاماژەیە بۆ هەمەجۆریی تێڕوانینەکان لە کۆمەڵگایەکدا و ئازادی ڕادەربڕین. بەشداری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە هەموو لایەکەوە بۆ حوکمڕانی باش زۆر پێویستە. ئەم بەشدارییە بە ئازادی و بە پێکهێنانی کۆمەڵە و هەروەها لە ڕێگەی ئازادی ڕادەربڕین دێتە بوون.

٢. **سەروەری یاسا (Rule of Law)**: چوارچێوەی دادپەروەرانە و یاسایی پابەندبوونە بە سەروەری یاسا کە جێبەجێکردنی دادپەروەرانەی یاساکان مسۆگەر دەکات. پۆلیسی بێ گەندەڵ و سیستەمی دادوەری دادپەروەرانە بۆ سەروەری یاسا پێویستە. هەروەها حوکمڕانی باش پێویستی بە

سیستەمێکی یاسایی دادپەروەرانە هەیە کە پاراستنی مافی تاکەکان (بەتایبەت کەمینەکان) لەخۆ بگرێت. پێویستە بۆ جێبەجێکردنی دادپەروەرانەی یاساکان لە کۆمەڵگادا و بوونی سیستەمێکی دادوەری سەربەخۆ و هەیکەلی جێبەجێکردنی(Madhu, 2005: 5).

٣. **شەفافیەت** (**Transparency and Openness**): واتە دەستکەوتنی ئازادانەی زانیاری و دەستڕاگەیشتن بە ئاسانی بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا. هۆشیاری خەڵکی کۆمەڵگە لە چۆنیەتیی بڕیاردان و جێبەجێکردنی بڕیارەکان دەربڕینێکە بۆ چەمکی شەفافیەت. لە کۆمەڵگایەکی وادا، میدیای گشتی توانای شیکردنەوەی ئەو سیاسەتانەی هەیە کە لە کایەی بڕیاردان و جێبەجێکردنی وڵاتدا گیراوەتەبەر. ئەوانەی کاریگەری ئەو جۆرە بڕیارانەیان لەسەرە، پێویستیان بە تەواوی زانیارییە سەبارەت بە پرۆسەی بڕیاردان و پاساودانی ئەو بڕیارانە. بەردەستبوونی زانیارییەکان بۆ ئەو کەسانەی کە کاریگەریان لەسەر دەبێت پێویستە بۆ دڵنیابوون لە شەفافیەت. پێویستە زانیاری دوور لە ناڕوونی پێشکەش بە میدیاکان بکرێت.

٤. **وەڵامدانەوە** (**Responsiveness and responsibility.**): بۆ بەدەستهێنانی وەڵامێک لە ماوەی چوارچێوەیەکی گونجاو بۆ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە بۆ حوکمڕانی باش.

٥. **پێکهێنانی کۆدەنگی گشتی** (**Consensus**): لە پرەنسیپەکانی حوکمڕانی باشدا فەراهەمکردنی سەکۆیەک بۆ دەربڕینی بیروڕای جیاواز لە بوارە جیاجیاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا. بۆچوونە جیاوازەکان بە شێوەیەکی دروست لەگەڵ ئامانجەکانی هەموو کۆمەڵگا لە ڕێگەی حوکمڕانییەکی باشەوە بگونجێن. لە گەیشتن بە گەشەپێدانی بەردەوامدا، ئەم بابەتە پێویستی بە تێگەیشتنێکی ورد هەیە لە پێداویستییە درێژخایەنەکانی کۆمەڵگا. لەناو چوارچێوەی مێژوویی و کولتووریدا، کۆدەنگییەکی فراوان بۆ دانانی ئەولەویەتەکان لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا بۆ حوکمڕانی باش زۆر گرنگە.

٦. **لێپرسینەوە** (**Accountability**): بەکورتی دامودەزگاکان و ڕێکخراوەکان لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەن کە کاریگەری بڕیارەکانیان لەسەرە. ئەم لێپرسینەوەیە بەبێ شەفافیەت و سەروەری یاسا هیچ مانای نییە. هەروەها حوکمڕانی باش لە کۆمەڵگەدا پێویستی بەوەیە کە دەزگا و ڕێکخراو و دامەزراوەکان لە چوارچێوەی یاسایی و کاتی دیاریکراودا لێپرسینەوە لە بەرامبەر ئەندامان بکەن.

٧. **یەکسانی و گشتگیری** (**Equity and Inclusiveness**): هەر جۆرە جیاکارییەک یان هەستکردن بە پەراوێزخستنێك لە چالاکییەکانی کۆمەڵگادا دڵنیامان ناکەنەوە لە حوکمڕانی باش. پێویستە هەموو گرووپەکانی کۆمەڵگا دەرفەتی فێربوون و باشتربوون و مامەڵەکردنیان هەبێت بۆ پەرەپێدانی خۆشگوزەرانی خۆیان. وێڕای ئەوەش، دانپێدانانی مافی یەکسان بۆ هەموو مرۆڤەکان بنەمای خۆشگوزەرانی و ئارامی کۆمەڵگایە. لە کۆمەڵگادا پێویستە مرۆڤەکان بەڕێژەی چالاکییەکانیان بەشداری

لە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگادا بکەن. لە ڕووی حوکمڕانی باشەوە، پێویستە هەموو خەڵک دەرفەتی یەکسانیان هەبێت.

٨. **کاریگەری و کارایی (Efficiency and Effectiveness):** بەهۆی سەرچاوە سنووردارەکان و زیادبوونی پێداویستییەکان، حوکمڕانی باش پێویستە دڵنیابێت لە بەکارهێنانی کاریگەرانەی ئەم سەرچاوە کەمانە بۆ بەدیهێنانی پێداویستییەکان بۆ گەشەپێدانی بەردەوام. لە هەمان کاتدا گەرەنتی پاراستنی ژینگەیەکی بۆ نەوەی داهاتوو. بەکارهێنانی کارا لە سامانە سروشتییەکان و پاراستنی ژینگە پێویستی بە حوکمڕانی باش هەیە. لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، چەمکەکانی کارایی و کاریگەری لە حوکمڕانیدا گرنگتر بوون(Madhu, 2005: 5-6).

**٤. ڕەهەند و بنەماکانی گەشەپێدانی بەردەوام:**

گەشەپێدانی بەردەوام (Sustainable Development) چەمکێکە لە ماوەی دەیان ساڵدا پەرەی پێدراوە و لە قاڵب دراوە و گۆڕاوە، لەگەڵ ئەوەشدا گەیشتە ئاستێکی گرنگ و پەیوەندییەکی تایبەت لە ساڵی ١٩٨٣ کاتێک پەیوەندییەکی بەپەلە لە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ سەرۆکوەزیرانی پێشووی نەرویج، گرۆ هارلم بروندتلاند، بۆ دامەزراندنی و سەرۆکایەتیکردنی لیژنەیەکی سەربەخۆ بۆ دارشتنی ستراتیژییەکی درێژخایەن بۆ بەدەستهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام تا کۆتایی سەدەی بیستەم (WCED, 1987: 62). ئەم لیژنەیە چوار ساڵ بوو بە زەحمەت کاریان دەکرد کاتێک دواجار لە ساڵی ١٩٨٧ ڕاپۆرتەکەیان بە ناوی (داهاتووی هاوبەشمان) پێشکەش کرد. لێرەوە پێناسەی بەرفراوان (و زۆرجار ئاماژەی پێکراوە) بۆ گەشەپێدانی بەردەوامیان دەستپێکرد: "گەشەپێدانی بەردەوام بریتییە لە گەشەپێدان کە پێداویستییەکانی ئێستا دابین دەکات بەبێ ئەوەی سازش لەسەر توانای نەوەکانی داهاتوو بکات بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆیان (WCED, 1987: 63). دوو ڕەهەندی سەرەکی پێناسەکە بریتین لە سەرچاوە سنووردارەکانی بەردەست بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکان، و زیادبوونی پێداویستییەکان کە دەبێت بەدیبهێنرێن. ئەم چەمکە هەوڵدەدات بە تێڕوانینێکی نوێ بۆ پەرەپێدان، بۆ ئەوەی هەڵەکانی ڕابردووی مرۆڤ دووبارە نەکاتەوە، و گەشەسەندنێکی گشتگیر و هاوسەنگ دروست بکات لە ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی جیهانی ژینگە و گەشەپێدان کە بە ڕاپۆرتی براندتلاند ناسراوە (داهاتووی هاوبەشمان) لە ساڵی ١٩٨٧، بۆ یەکەمجار کۆمەڵێک پێشنیاز و بنەمای یاسایی بە فەرمی پێشکەش کران بۆ بەدەستهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو. پاشان پرسی گەشەپێدانی بەردەوام لە کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە و گەشەپێدان لە ڕیۆ دی جانیرۆ و بەڕێوەبردنی دروست و کارامە و ئیستغلالکردنی سەرچاوە سەرەتایی و سروشتی و داراییەکان بۆ ئەوەی بتوانێت شێوازی بەکارهێنانی گونجاو بەدەستبهێنێت، لە لوتکەی بەرنامە جیهانییەکاندا دانرا. بە پشتبەستن بە ئەنجامی ئەم کۆبوونەوەیە، ئامانجە بنەڕەتییەکان لەسەر بنەمای چەمکی گەشەپێدانی بەردەوام بەم شێوەیە ڕاگەیەندرا:

١. بوژانەوەی گەشەی ئابووری
٢. گۆڕینی کوالیتی گەشەی ئابووری
٣. جێبەجێکردنی پێداویستییە سەرەتاییە بنەڕەتییەکان
٤. دڵنیابوون لە ئاستی سەقامگیری دانیشتووان
٥. پاراستنی سامانە سروشتییەکان و پێشخستنی سەرچاوەکان
٦. ئاراستەکردنەوەی زانیاری تەکنیکی
٧. ژینگە و بڕیاردانی ئابووری
٨. ئاراستەکردنەوەی پەیوەندییە ئابووری و نێودەوڵەتییەکان
٩. هەنگاونان بەرەو بەشداریکردنی ڕاستەقینەی گەشەپێدان.

هەروەها لە دوای کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان و ژینگە کە لە ساڵی ١٩٩٢ لە ریۆ دی جانیرۆ بەڕێوەچوو، ناونیشانی "گەشەپێدان" بووەتە یەکێک لە وشە هەستیار و گرنگەکانی گفتوگۆکان. چەمکەکە لە دوای کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم سەبارەت بە ژینگەی مرۆیی لە ساڵی ١٩٧٢وە بەردەوام بووە کە تێیدا ململانێی نێوان خواستی گەشەکردن و خواستی پاراستنی ژینگە بە شێوەیەکی بەرچاو دەرکەوتووە. ئەم ململانێیە لە بەشی پرەنسیپەکانی ئەم ڕاپۆرتەدا روون کراوەتەوە، دەبێت سامانە سروشتییەکانی زەوی بە هەوا و ئاو و زەوی و گیا و گیاندار و بەتایبەتی نمونەی نوێنەری ئیکۆسیستەمی سروشتی بپارێزرێن بۆ سوودی نەوەکانی ئێستا و داهاتوو لە ڕێگەی پلاندانان یان بەڕێوەبردنی ورد، بەپێی پێویست.(Kates, Parris, & Leiserowitz, 2005, 4). لێکچوونێکی بەرچاو لە نێوان ئەم دیدگایەدا بەرامبەر بە یەکسانی نێوان نەوەکان لە ڕووی سەرچاوە سروشتییەکانەوە لە نێوان پێناسەی برونتلاندا هەیە.

**١,٤ ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام:**

سەرۆکی دەوڵەتەکان و حکومەتەکان لە سەرانسەری جیهان لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرك کۆبونەوە لە ٢٥ تا ٢٧ی ئەیلول لە میانی ئاهەنگی حەفتا ساڵەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە تێیدا لەسەر ئامانجە نوێیەکانی گەشەپێدانی بەردەوامی جیهانی ڕێککەوتن. بڕیاریاندا بڕیارێکی مێژوویی بدەن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە مرۆڤەکان لە ڕێگەی ئامانجە بەرفراوان و دوور مەودا و گەورە مەبەستەکانەوە دەتوانن دوور لە هەژارییەکی زۆر بژین کە گەورەترین تەحەدای گشتگیرە بۆ هەر هەوڵێک بۆ گەشەپێدان(Ramzy & etr, 2019: 128). ئەم ئامانجانە کە بە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام ناسراون، لەسەر دەستکەوتەکانی ئامانجەکانی گەشەپێدانی هەزار ساڵە بنیات نراون. ئەم ئامانجانە لەم لوتکەیەدا بە ئامانجە لاوەکییە کاتییەکان و پێوەرە دیاریکراوەکان کە تا ساڵی ٢٠٣٠ بەدی دەهێنرێن.

ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام گشتگیرن و خەڵک سەنتەرین. یەکگرتوون، دابەش ناکرێن و هاوسەنگی لە نێوان سێ پایەی سەرەکی گەشەپێدانی بەردەوامدا دەهێڵنەوە: ئابووری، کۆمەڵگا و ئیکۆلۆژی. گرنگترین ئەو (١٧) ئامانجەی گەشەپێدانی بەردەوام بریتیین لە (نا بۆ هەژاری، نا بۆ برسێتی، خۆشگوزەرانی و تەندروستی باش، چۆنییەتی فێرکردن، یەکسانی جێندەری، ئاو و ئاوەڕۆی پاک، وزەیەکی پاک و نرخێکی گونجاو، کاری شیاو و گەشەی ئابووری، پیشەسازی ، داهێنان و ژێرخانی ئابووری، کەمکردنەوەی نا یەکسانی، شار و کۆمەڵگای بەردەوام، بەکاربردن و وەبەرهێنانی بەرپرسیارانە، کارکردن بۆ کەشوهەوا، ژیان لە ژێر ئاودا، ژیان لەسەر زەوی، ئاشتی، دادپەروەری و دامەزراوەی بەهێز، هاوبەشیکردن لە پێناو ئامانجەکان)، ئەم ئامانجە گەورە مەبەستانە لە ماوەی ١٥ ساڵی داهاتوودا پەرە بە کردارەکان دەدەن لەو بوارە گرنگانەی کە مرۆڤایەتی رووبەڕووی دەبێتەوە(Ramzy & etr, 2019: 129–130).

**٢,٤ پەیوەندی نێوان حوکمڕانی باش و گەشەپێدانی بەردەوام:**

بۆ ئەوەی حوکمڕانی رۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە گەشەپێدانی بەردەوامدا، بە پێی بۆچوونی کاڤمان و هاورێیەکانی لە بانکی نێودەوڵەتی، دەبێت کۆدەنگییەکی هاوبەش لەسەر پێناسەی حوکمڕانی بەدەستبهێنرێت. بەڵام لە هەموو پێناسەکاندا تەنیا یاسا و میکانیزمی ناچارکەر و رێکخستن دێنە پێشەوە. بەم پێیە، کیفەر پێیوایە حوکمڕانی باش هەر چەمکێکی ئاسایی نییە کە بە ئاسانی وەسف و پێناسە بکرێت، چونکە ئەم زاراوەیە دامەزراوە گشتییەکان دەگرێتەوە کە رێز لە مافەکانی خەڵک و پرۆسەی بڕیاردانی گشتی دەگرن (Kaufmann, Kraay, and Mastruzzi, 2010: 3). بە گوێرەی دیدی ریس، بۆ ئەوەی گەشەسەندنی بەردەوامی بەدی بهێنرێت، پێویستە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەشداری لە پرۆسەی پلاندانان و پەرەپێداندا بکەن. ئەو پێیوایە گەشەسەندنی بەردەوام، گۆڕانکارییەکی ئەرێنی کۆمەڵایەتی–ئابوورییە و سیستەمی کۆمەڵایەتی و سروشتی کۆمەڵگا لەناو نابات؛ هەبوونی پلاندانانی یەکگرتوو و پرۆسەی فێربوونی کۆمەڵایەتی، پێویستە بۆ جێبەجێکردنێکی سەرکەوتووانە، و توانای سیاسییەکەشی پەیوەستە بە پشتیوانی تەواوی ئەو کەسانەی کە لە رێگەی دەوڵەت و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکییە تایبەتەکانەوە کاریگەری گەشەپێدانیان لەسەرە (Marien & Pizam, 1997: 148).

گەشەسەندنی بەردەوام دەرئەنجامی پاراستنی ژینگە و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئامانجە ئابوورییەکانە (نیکبین و کرامی، ٢٠١١: ١٣٩). یەکێک لە گرنگترین سیاسەتە بەردەوامەکان لە ناوچەی شاردا گرنگیدان بە دامەزراندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتییە. ژینگەیەکی شارستانی ئاڵۆز و دینامیکی و هەمەچەشن پێویستی بە توانایەکی بەڕێوەبردنی سەرنجڕاکێش هەیە بۆ دروستکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە فەزای شارەکاندا، کە لەوانەیە حوکمڕانی لە پانتایی شارەکاندا توانای دابینکردنی هەبێت. دادپەروەری کۆمەڵایەتی واتە دابەشکردنی گونجاوی خزمەتگوزاری و ئیمکاناتی شارەکان و کاریگەریی

لەسەر سیاسەتەکانی سیستەمی حکومەت و بارودۆخی کۆمەڵایەتی هەیە. مۆدێلی حوکمڕانی باش کاریگەرترین و کەمترین تێچوون و بەردەوامترین ڕێگایە بۆ جێبەجێکردنی بەڕێوەبردن بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە فەزای شارەکان و ڕازیبوونی هاوڵاتیان. لە مۆدێلی حوکمڕانی باشدا، حکومەت و هاوڵاتیان و دامەزراوە تایبەتەکان، بەشداری لە ڕەوتی ئاسۆیی کەرتەکاندا دەکەن (رضایی و شەمس الدینی، ٢٠١٨: ٢٧).

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام، وەک پاراستنی ژینگە، کەمکردنەوەی هەژاری، زیادکردنی خوێندەواری، زانست و تەندروستی، پێویستمان بە مۆدێلێکی نوێی گەشەپێدان هەیە، هەروەها بە دەستەبەرییەکانی کەرتی تایبەت، بەرژەوەندی گشتییش دەستەبەر دەبێت. بەدیهێنانی ئەمەش پێویستی بە گۆڕانکارییە لە بواری بەڕێوەبردن و ئابووریدا، وێرای گرنگیدان و جەختکردنەوە لەسەر بەشداریی کەرتی تایبەت و مەدەنی لە بەدیهێنانی گەشەسەندنی ئابووریدا، بەرپرسیارێتییەکی هاوبەش بۆ هەریەک لە ئەندام و دەستەکان لەبەرچاو بگیرێت ئەوەش بەمەبەستی چارەسەرکردنی گشتی کێشەکان. حوکمڕانی باش مۆدێلێکی نوێی بیرکردنەوەیە لە ئەدەبیاتی گەشەپێداندا، کە بەهۆیەوە گەیشتن بە گەشەپێدانی بەردەوام پەیوەستە بە هاوکاریی هەموو بەشەکانی کۆمەڵگە و ئەم مۆدێلە یارمەتیدەر دەبێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجە.

تیۆری حوکمڕانی باش ئاماژەیە بۆ شێوازی بڕیاردان و پەیوەندی نێوان حکومەت و خەڵک (جاسبی و نفری، ٢٠٠٨: ٨٦). حوکمڕانی باش سیستمێکە کە لە ڕێگەی حکومەت و کەرتی تایبەت و دامەزراوە مەدەنییەکانەوە ئابووری و سیاسەت و پرسە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەیەک بەڕێوە دەبات؛ ئەو دامەزراوانەی ڕۆڵیان لە گەشەپێدانی مرۆڤدا هەیە و لە کارلێکدان لەگەڵ یەکتر و دروستکردنی هاوسەنگی و پەیوەندیی پێویست و جیاکردنەوەی ئەرکەکانی هەر یەکێک لەو سێ کەرتە ئەگەری ژیانێکی باشتر لە کۆمەڵگایەکدا دەڕەخسێنێت. لە ڕوانگەی حوکمڕانی باشەوە حکومەت بەربەست یان فاکتەری گەشەسەندن نییە، و بەدیهێنانی حوکمڕانی باش گرنگترین هۆکارە بۆ گەیشتن بە گەشەسەندن و پێشکەوتنی ئابووری(اشرفی پوور و رسولی، ٢٠١١: ٢).

یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی تیۆری حوکمڕانی باش، ڕەهەندی بەشداریکردنە؛ چونکە بنەمای ئەم تیۆرییە لەسەر بنەمای حکومەتی جەماوەرییە(موسوی، ٢٠١٨: ١). هەروەک چۆن بەشداری بەرفراوانی هاووڵاتیان مەرجێکی گرنگە بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی، بەشدارینەکردن و بێباکییشیان فاکتەرێکی بەهێزی گەشەنەکردنە. بەشداری خەڵک لە پلاندانان و جێبەجێکردنی بەرنامەکان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی بەرنامەکانی گەشەپێدانی بەردەوام. چەندین ئەزموونی بەدینەهێنانی پرۆژە و پلانەکانی بەڕێوەبردن بەهۆی بەشدارینەکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاماژەن بۆ گرنگی بەشداریکردنیان لە پلانەکانی بەڕێوەبردن (فولادی زادە و محەمەدبیگی، ٢٠١٧:

٥٨٣). حوكمڕانی باش ئامرازێکی بەڕێوەبردن و ستراتیژە لە پێشەسازی و بنەمایەک بۆ داڕشتنی ستراتیژی گونجاو لە بواری گشتییدا بە مەبەستی گەیشتن بە پلانەکانی بەڵگەنامەی دیدگای گەشەپێدان.

تیۆری حوکمڕانی باش، یەکێکە لە تەوەرە تازەکانی گەشەسەندن لە جیهانی ئەمڕۆدا و بەڕێوەبەران و پلاندانەرانی گەشەپێدان لە هەرێمی کوردستان وەک هەر سیستەمێکی دیکە پێویستیان بە تێگەیشتنێکی قووڵ هەیە لەو ڕەهەند و تایبەتمەندیانەی کە وا دەکەن کاراتر و کاریگەرتر بێت. لە پانتایی حوکمڕانی باشدا هەوڵ دەدرێت بۆ باشترکردنی سیستەمی ئاڵۆزی ئەمڕۆ لە بواری بەڕێوەبردنی شارەکان و بەدیهێنانی دیدگا و تیۆرییەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لەگەڵ ئیدارەی خەڵکانی شارەکە و بەهێزکردنی دامەزراوەی گشتی و حکومەتی و تایبەتەکان؛ ڕێبازێک کە لە سیستەمی بەڕێوەبردنی شارەکان لە هەرێمی کوردستان بایەخی پێ نەدراوە.

لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، حوکمڕانی باش لە ئەدەبیاتی گەشەپێدان پێشنیاز کراوە بە ئامانجی بەدەستهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام(ابراهیمپوور، ٢٠١٧: ٣٤). ئەم چەمکە لەلایەن وڵاتانی پێشکەوتوو و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بە دوای ناکاراییی میکانیزمەکانی گەشەپێدانی ڕابردوو پێشنیاز کراوە(Roy, 2008: 701)، حوکمڕانی باش و سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی پێوانەکراو و دروست و کارا و لەچوارچێوەی سەروەری یاسادا، بڕیاردانی لۆژیکی و دادپەروەرانە لەپاڵ لێپرسینەوە و بەرپرسیارێتی، بەشداریی گشتی و ستراتیژی لەم جۆرە (سردارنیا، ٢٠٠٨: ١٣٥). کۆمەڵناسەکان حوکمڕانی باشیان بە "ئیدارەی گشتی ژیرانە" زانیوە کە وەڵامدانەوەی و هەستیاری لەخۆدەگرێت. ئەو شەفافیەت، ئازادی و دەستڕاگەیشتنی خەڵک بە هەموو کار و کردەوەکانی حکومەت، جگە لەوانەی کە بە تێکدانی ئاسایشی نیشتمانی پێناسە کراون بە پێویست دەزانن بۆ لێپرسینەوە. حوکمڕانی باش بە ئامانجی جۆراوجۆر ناسێنراوە. هەندێک لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و توێژینەوە زانستییەکان ئامانجی حوکمڕانی باش بە گەشەسەندنی ئابووری دەزانن و هەندێکی دیکەش بە گەشەسەندنی سیاسی دەزانن (جاسبی و نفری، ٢٠١٨: ٨٧). لە لایەکی دیکەوە، بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە دوو ئامانجی گەشەپێدانی ئابووری و گەشەپێدانی سیاسی، حوکمڕانی باشی ڕوون کردووەتەوە. ئەم کۆمەڵە دامەزراوەیە حوکمڕانی باش بە بوونی تایبەتمەندییەکانی وەک شەفافیەت، سەروەری یاسا، شەرعیەت، لێهاتوویی، لێپرسینەوە، بەرپرسیارێتی، کۆدەنگی و بوونی دیدگای ستراتیژی لە نێوان سەرکردە و بەڕێوەبەرەکاندا دەزانن.

لە حوکمڕانی باشدا بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکان، کارلێکێک لە نێوان سێ پێکهاتەی سەرەکی حکومەت، کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی تایبەتدا هەیە، کە هەندێکجار لە بەشداریکردن تێدەپەڕێت (شەریف زادە و قالیپوور، ٢٠١٢: ٩٦). هەریەکێک لەم پێکهاتانە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پێشخستنی گەشەپێدانی بەردەوام. ڕۆڵی هەریەکێکیان لە خوارەوە دەخەینەڕوو:

یەکەم: حکومەت ئاسانکاری بۆ چالاکییەکان دەکات بۆ دابینکردنی ژینگەیەک بۆ گەشەپێدانی بەردەوام بە ئامانجی سەقامگیری و پەرەپێدانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا (نادری، ٢٠١٠: ٧٤).

دووەم: کەرتی تایبەت رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە بەهێزکردنی وەبەرهێنان بۆ زیادکردنی داهاتی سەرتاسەری و دینامیزمی ئابووری و بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی رێژەیی (نادری، ٢٠١٠: ٧٤). گەشەی یەکسان، پاراستنی ژینگە، پەرەپێدانی کەرتی تایبەت، هاوبەشی کاریگەر و بەرپرسیارانە لە بازرگانی جیهانیدا تەنها بە بازاڕ ناتوانرێت بەدەست بهێنرێت؛ بۆیە پێویستە حکوومەت هاوشانی کەرتی تایبەت بەشداری لە گەشەپێدانی بەردەوامدا بکات لە رێگەی میتدۆی گونجاوەوە. بە لەبەرچاوگرتنی رۆڵی دامەزراوەیی دەوڵەت، کەرتی تایبەت رۆڵێکی کاریگەریش دەگێرێت لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆسەی هاوکارییدا (ادینەوند و دیگران، ٢٠١٢: ٤٨).

سێیەم: لە پتەوکردنی بەشداریی گشتی و کاریگەریدانان لەسەر سیاسەتە گشتیەکان، دامەزراوە مەدەنیەکان رۆڵێکی گرنگ دەگێرن و وەک بەرگریکار لە مافەکانی هاوولاتیان هەژمار دەکرێن (نادری، ٢٠١٠: ٧٤). کۆمەڵگەی مەدەنی رۆڵی بەرگریکردن لە مافەکانی هاولاتیانی هەیە (ادینەوند و دیگران، ٢٠١٢: ٤٨). بە واتایەکی تر، حوکمڕانی باش تەنیا پەیوەست نییە بە ئەدای گونجاوی دەوڵەتەوە، بەڵکو دەرئەنجامی پەیوەندی تۆڕییە لە نێوان هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی (الوانی، ٢٠٠٨: ٤).

## ٥. ئەنجامەکانی توێژینەوە:

١- پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان حوکمڕانی باش و گەشەپێدانی بەردەوام، حوکمڕانی باش چارەسەرێکە لە پلاندانان و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان بۆ بەدەستهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام. وەك وتمان بەڕێوەبردن پەیوەندییەکی نزیک بە حوکمڕانی باشەوە هەیە.

٢- بنەما تایبەتییەکانی حوکمڕانی باش و گەشەپێدانی بەردەوام چەمکگەلێکن کە بەیەکەوە گرێدراون؛ نەبوونی حوکمڕانی باش گەشەپێدانی بەردەوامی بە توندی سنووردار دەکات و لە خراپترین حاڵەتدا رێگری لێدەکات.

٣- حوکمڕانی لەسەر بنەمای بەردەوامی لەگەڵ رەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام گرنگی پێداچوونەوە و چاکسازی لە چالاکییەکانی هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی دەردەبڕێت. ئەم جۆرە حوکمڕانییە بە رەچاوکردنی سێ رەهەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و دیاریکردنی پێکهاتە گونجاوەکان بەدەست دێت. دامەزراندنی رێژەیی و هاوسەنگی لە کەرتە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا (لەوانەش دامەزراوە گشتی و تایبەت و مەدەنییەکان) و بەردەوامبوونی بۆ ماوەیەکی درێژ، یەکێکە لە ئالنگارییە سەرەکییەکانی حوکمڕانی لەسەر بنەمای بەردەوامیی. گەیشتن بە هاوسەنگی لە کەرتە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا دەبێتە هۆی دروستکردنی پابەندبوون بە جێبەجێکردنی بڕیارەکان و بەدەستهێنانی گەشەپێدانی رێژەیی و بەردەوام لە هەموو رەهەندەکاندا. بۆ بەدەستهێنانی رێژەیی و

سەقامگیری لە حکومەتەکاندا، پێویستە هاوسەنگییەک لە نێوان کەرتی گشتی، تایبەت، هاوکاری و قازانج نەویستدا دروست بکرێت.

٤- ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و حوکمڕانی لەسەر بنەمای بەردەوامیی لە سیاسەتی دەوڵەتسەنتەر تێدەپەڕێت و هەوڵدەدات هەماهەنگی لە نێوان کەرتەکاندا دروست بکات و ئەرکی ڕێکخستنی کەرتی حکومەت یان کەرتەکانی دیکە سنووردار بکات. لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە، بۆ بەدەستهێنانی کاریگەری، هەموو کەرتە کۆمەڵایەتییەکان بەشدارن و پێکەوەگرتنی جیاوازیان دەبێتە هۆی بڕیارێکی کاریگەر. بەگشتی نەبوونی حوکمڕانی باش، جگە لە سەرهەڵدانی کێشەکانی وەک بێکاری، هەژاری، هەڵاوسان، نارازیبوونی هاووڵاتیانی بێبەش، ناسەقامگیری ئابووری، وێرانبوون و تێکچوونی ژینگە و شوێنە گەشتیارییەکان، دەبێتە هۆی لاوازبوونی هەستی ئاسایش لە نێو هاوڵاتیاندا. ئەم پرسە دەبێتە هۆی ئەوەی وڵات لە داهاتی بەرچاوی پیشەسازی گەشتیاری بێبەش بێت.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: ئینگلیزییەکان:**


1. Andrews M. (2008) The good governance agenda: Beyond indicators without theory, *Oxford.Development Studies*, 36(4). https://doi.org/10.1080/13600810802455120
2. EDRC. (2007). Good Governance in Multiethnic Communities. (M. Caluser & M. Salagean, Eds.). Ethno cultural Diversity Resource Center and the King Baudouin Foundation.
3. Fukuyama, Francis (2013) What is Governance? governance: An International Journal of policy, Administration and Institution, Vol 26, no3.
4. Giddens. A, (1985), The Nation State and Violence: Volume Two of Contemporary Critique of Historical Materialism, Cambridge: Polity Press.
5. Giddens. A, (1985), The Nation State and Violence: Volume Two of Contemporary Critique of Historical Materialism, Cambridge: Polity Press.
6. Hufty, Marc (2011). "Investigating Policy Processes: The Governance Analytical Framework (GAF).". In Wiesmann, U.; Hurni, H. (eds.). Research for Sustainable Development: Foundations, Experiences, and Perspectives. Bern: Geographica Bernensia.
7. IFAD. (1999). Good Governance: An Overview. International Fund for Agricultural Development. Retrieved from http://www.ipa.government.bg/sites/default/files/pregled-dobro_upravlenie.pdf
8. Kates, R. W., Parris, T. M., & Leiserowitz, A. A. (2005). What is Sustainable Development? Environment: Science and Policy for Sustainable Development, 47(3),

9. Kaufmann, D., A. Kraay, and M. Mastruzzi. (2010). The Worldwide Governance Indicators: Methodology,
10. Madhu, P. (2005). What is good governance? Trade Union.
11. Marien, C., Pizam, A., (1997). Implementing Sustainable Tourism development through Citizen Participation in the Planning Process. Tourism, development and growth,
12. Ramzy, O., El Bedawy, R., Anwar, M. and Eldahan, O. H. (2019). Sustainable Development & Good Governance, European Journal of Sustainable Development, 8(2), p. 125. doi: 10.14207/ejsd. 2019.v8n2
13. Roy, I., (2008). Civil Society and Good Governance: (Re-) Conceptualizing the Interface. World Development.
14. *Soubbotina, Tatyana P. (2004).* Beyond Economic Growth: An Introduction to Sustainable Development, Second Edition (PDF), *WBI Learning Resources*
15. UNDP. (1997). Governance for Sustainable Human Development - Human Development Report 1997.
16. WCED. (1987). Report of the World Commission on Environment and Development: Our Common Future.
17. Williamson, Oliver E. (1979). "Transaction-Cost Economics: The Governance of Contractual Relations" (PDF). Journal of Law and Economics. 22 (2): . doi:10.1086/466942. JSTOR 725118. S2CID 8559551 . Archived (PDF) from the original on 2017-08-08. Retrieved 2019-05-01.

دووەم:عەرەبییەکان:

١٨.عبدالباسط محمد حسن, التنمية الإجتماعية, القاهرة, مكتبة وهبة, ١٩٩٧.

١٩.سميرة كامل محمد, التنمية الإجتماعية, مفهومات اساسية, المكتب الجامعي الحديث, الأسكندرية, ١٩٨٤

٢٠.حامد القرنشاوى, تسأولات حول إقتصاديات التعليم والقظايا التنمية فى الوطن العربى, مكتبة ندوة, كويت, ١٩٧٨.

سێیەم: فارسییەکان:

٢١.ابراهیمپور، حبيب، اليكى، فهيمه، (٢٠١٧)، بررسی نقش حکمرانی خوب در کارآمدی دولت‌ها، کنفرانس بین‌المللی نخبگان مدیریت، تهران، ١- ١٦.

٢٢.آدینه‌وند، علی‌اصغر، حاجی‌زاده، مریم، قدمی، مصطفی، ( ٢٠١٢)، بررسی عملکرد شهرداری در چهارچوب حکمرانی خوب شهری؛ نمونة مطالعه: شهر بابلسر، مدیریت شهری، دورة ١١، شمارة ٣١، اهواز.

٢٣.اشرفی‌پور، محمدعلی، نقيب حسینی، رسول، (١٣٩١)، بررسی اثرات حکمرانی خوب بر توسعة صنعت توریسم، دومین همایش ملی راهکارهای توسعة اقتصادی با محوریت برنامه‌ریزی منطقه‌ای، سنندج.

٢٤.توسلی، غلامعباس، (٢٠١٦)، نظریه‌های جامعه‌شناسی، تهران، سمت، سیزدهم.
٢٥.جاسبی، جواد، نفری، ندا، (٢٠٠٨)، طراحی الگوی حکمرانی خوب برپایه نظریه سیستم‌های باز، علوم مدیریت ایران، سال ٤، شمارة ١٦، تهران.
٢٦.جهانگیری, سعید و محمدی, فاضل، (٢٠٢١)، تبیین نقش ثبات سیاسی در نظریه حکمرانی خوب، مجله دولت پژوهی ایران معاصر.
٢٧.رضایی، میثم، شمس‌الدینی، علی، (٢٠١٨)، تحلیلی بر رابطه حکمروایی خوب شهری و عدالت اجتماعی در فضاهای شهری؛ نمونه مطالعه: شهر فردوسیه- شهرستان شهریار، آمایش محیط، دورة ١٢، شمارة ٤٥، ملایر.
٢٨.سردارنیا، خلیل‌الله، (٢٠٠٨)، اثر سرمای اجتماعی بر حکمرانی خوب، مجله اطلاعات سیاسی- اقتصادی، دورة ٢٣، شمارة ٢٥٩ و ٢٦٠، تهران.
٢٩.شریف‌زاده، فتاح، و قلی‌پور، رحمت‌الله، (١٣٨٢)، حکمرانی خوب و نقش دولت، مجله فرهنگ مدیریت، سال ١، شمارة ٤، قم.
٣٠.شفیعی، عباس، خدمتی، ابوطالب و پیروز، علی‌آقا ( ٢٠١٦). رفتار سازمانی با رویکرد اسلامی، قم، پژوهشگاه حوزه و دانشگاه.
٣١.فولادی‌زاده، مهدی، محمدبیگی، پروانه، (٢٠١٧)، بهبود مشارکت و توانمندسازی جامعه محلی، گامی در جهت توسعة منابع طبیعی، دهمین کنگره پیشگامان پیشرفت، ٥٨٢- ٥٨٨.
٣٢.کوزر، لوئیس و روزنبرگ، برنارد(٢٠١٥)؛ نظریه‌های بنیادی جامعه‌شناختی، ترجمه فرهنگ ارشاد، تهران، نی، چاپ سوم.
٣٣.کوئن، بروس(٢٠١٧)؛ مبانی جامعه‌شناسی، غلام‌عباس توسلی، تهران، سمت، چاپ بیستو یکم.
٣٤.گالبرایت، جان کنت (٢٠١١). آناتومی قدرت، ترجمه محبوبه مهاجر، تهران، انتشارات سروش.
٣٥.موسوی، سید چمران، تاتی، فرزانه، شریفی آرادانی، فاطمه، (٢٠١٨)، مشارکت شهروندان و نقش آنها در حکمروایی خوب شهری؛ مطالعة موردی: کلان‌شهر کرج، کنفرانس بین‌المللی پژوهش در علوم و تکنولوژی.
٣٦.نادری، محمدمهدی، (١٣٩٠)، حکمرانی خوب؛ معرفی و نقدی اجمالی، اسلام و پژوهش‌های مدیریتی، سال ١، شمارة ١، قم.
٣٧.نای، جوزف (٢٠١٧). آینده قدرت، ترجمه احمد عزیزی، چاپ سوم، تهران، نشر نی.
٣٨.نبوی، سید عباس (٢٠٠٩) فلسفه قدرت، تهران، انتشارات سمت.

٣٩.الوانی، مهدی، (۲۰۰۸)، حکمرانی خوب شبکه‌ای از کنشگران جامعه مدنی، مدیریت توسعه و تحول، دورة ١، شمارة ١، قزوين.

Arabic sources:
.18Abdul Basit Mohammed Hassan, Social Development, Cairo, Wahba Printing House, 1997.
.19Samira Kamil Mohammed, Social Development, Basic Concepts, University of Hadith, Alexandria, 1984
.20Hamid al-Qarnshawi, Questions about Education Economies and Development Districts in the Arab Country, Ndowa Printing House, Kuwait, 1978.
Third: Persians:
.21Ebrahimpour, Habib, Aliki, Fahimeh, (2017), Survey of the Role of Good Governance in the Performance of States, International Elite Management Conference, Tehran, 1-16.
.22Adinavand, Ali Asghar, Hajizadeh, Maryam, Qadmi, Mostafa, (2012), Survey of Urban Practice in the Fourth of Good Urban Governance; Sample study: Bablsar City, Municipal Administration, Round 11, Number 31, Ahvaz.
.23Ashrafipour, Mohammad Ali, Naqib Hosseini, Rasul, (2012), Lecture on the Effects of Good Governance on Tourism Industry Development, Second National Economic Development Guidelines with Regional Program Axis, Sanandaj.
.24Tusli, Gholam Abbas, (2016), Sociological Theories, Tehran, SMT, 13th.
.25Jasbi, Javad, Nefri, Nada, (2008), Designing a Good Governance Model Based on Base Systems Theory, Iranian Management Sciences, Year 4, No. 16, Tehran.
.26Jahangiri, Saeed and Mohammadi, Fazel, (2021), The Role of Political Stability in the Perspective of Good Governance, Journal of Contemporary Iranian History.
.27Rezaei, Mitham, Shamsuddin, Ali, (2018), Analysis of the Relationship between Urban Good Governance and Social Justice in Urban Spaces; Study example: Shahr Ferdowsiyeh - Shahryar Shahrstan, Amaish Environment, Round 12, Number 45, Malair.
.28Sardarnia, Khalilullah, (2008), The Effect of Social Capital on Good Governance, Political-Economic Information Magazine, Volume 23, Nos. 259 and 260, Tehran.
.29Sharifzadeh, Fatah, and Qalipour, Rahmatullah, (2003), Governance of Goodness and the Role of the State, Management Culture Magazine, Year 1, No. 4, Qom.
.30Shafi'i, Abbas, Khadmati, Abu Talib and Pirooz, Ali Agha (2016). Behavior Organization let turned Islamic, Qom, research district and university.

.31Fooladizadeh, Mehdi, Mohammad Beigi, Parwana, (2017), Through Participation and Empowerment of Local Society, Steps towards Development of Natural Resources, Tenth Progressive Congress, 582-5
.32Kuzer, Louis and Rusenberg, Bernard(2015); Basic Theories of Cognitive Society, translated by Farhang Arshad, Tehran, Ni, Chap Sum.
.33Quinn, Bruce(2017); Gholam Abbas Tusli, Tehran, Smt, 21st edition.
.34Galbraith, Jean Kent (2011). Anatomy of Power, translated by Mahboobeh Mohajer, Tehran, Nature Publishing House.
.35Mousavi, Seyed Chamran, Tati, Farzana, Sharifi Aradani, Fatemeh, (2018), Participation of citizens and their role in good urban governance; Subject study: Karaj city, International Conference on Research in Science and Technology.
.36Nadri, Mohammad Mahdi, (1390), ruler of Khub; Ajmali's Introduction and Criticism, Islam and Management Studies, Year 1, Number 1, Qm.
.37Nye, Joseph (2017). Aindeh Qadrt, translated by Ahmad Azizi, published by Som, Tehran.
.38Naboui, Seyed Abbas (2009) Philosophy of Power, Tehran, Smt Publishing House.
.39Alvani, Mahdi, (2008), Good Governance of Networks from Civil Society Students, Directorate of Development and Development, Volume 1, Number 1, Qazvin.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣